سەروتار

# توركیا و هەڵبژاردن و كوردستان

رۆژێک بەر لەوەی هەڵبژاردنی توركیا دەستپێبكات، ململانێی نێوان حكومەت و سوپا زۆرترین ئاڵۆزی تێكەوت و هەریەكێكیان ئەوی تری تۆمەتبار دەكرد، سوپا شانازی بەوە دەكرد كە لە ماوەی (٥٠) ساڵی رابردوودا توانیویەتی (٤) حكومەت بڕووخێنێ، ئەمە ئاماژەیەک بوو بۆ حزبی عەدالەت كە ئەردۆگان سەرۆكایەتی دەكات و ئێستاش سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی توركیایە، بەوەی سوپا دەتوانێ ئەم حكومەتەی ئێستا كە لەلایەن حزبی عەدالەتەوە سەرۆكایەتی دەكرێ بیڕووخێنێ و ببێت بە پێنجەمین حكومەتی رووخاوی توركیا لەلایەن سوپاوە، ئەردۆگانیش ناچار بوو بە تەلیفۆن لەگەڵ گەورەترین ژەنەڕاڵ یاشار بیوكئانت قسە بكات و جەخت لەوە بكاتەوە كە سەرۆكی گشتی ئەركانی سووپا بەرپرسە لەبەردەم سەرۆكی وەزیران، بەم مانایەی سووپا بۆ دواجار لەژێر كۆنتڕۆلی حكومەتدایە، چونكە پلەی سەرۆک وەزیران گەورەترە لە سەرۆک ئەركانی سووپا، بەڵام ئایا سووپا گوێ بەم قسەیەی ئەردۆگان دەدات؟ لە راستیدا ئەگەر گوشاری یەكێتی ئەوروپاو زۆر وڵاتی دیكە نەبێت، پێم وایە سووپا جوولەیەكی لە ئێستا زیاتری دەكرد، بەڵام سەردەمی ئێستا بۆ توركیا و بۆ زۆر وڵاتانی دیكەش سەردەمێكی دیكەیە، بۆیە ئەی كەوابێت ئەو ململانێیە بە كوێدەگات، دیارە ئەمڕۆ دادگای دەستووری توركیا بڕیاری خۆی دەدات بەرامبەر ئەو سكاڵایانەی كە پارتی گەلی كۆماری بەرهەڵستكار و سووپا پێشكەش بەو دادگایەیان كردبوو سەبارەت بەوەی پێویستی دەكرد (٣٦٧) ئەندام پەرلەمان بەشداربوونایە لە دانیشتنی پەرلەماندا، بەڵام تەنها (٣٦١) ئەندام پەرلەمان ئامادە ببوون، لە كاتێكدا بۆ دەرچوونی عەبدوڵلا گول پێویستی بە (٣٦٧) دەنگدەر هەبوو، كە تەنها (٣٥٧)دەنگی هێنا، قسە ئەوەیە ئەمڕۆ دادگای دەستووری بڕیاری خۆی دەدات، ئەو دادگایەی كە (١١)ئەندامن و (٧)ئەندامیان سەرۆكی ئێستای توركیا ئەحمەد نەژدەت سیزار دایناون،ئەو سیزارەی بەرامبەر ئەردۆگان و گول زۆر توندە، دوو ئەندامی تریش سلێمان دیمرێل دایناون، كەواتە دادگا زیاتر لایەنگیری سووپاو پارتی گەلی كۆماری دەبێت نەک پارتی عەدالەت، لەم كاتەدا هەموو نەخشەكان هەڵدەوەشێنەوەو رێگا بۆ هەڵبژاردنێكی دیكەی گشتی خۆش دەكرێت، كە دەبێت بۆ (٤٥)رۆژی تر ئەنجام بدرێت، ئەگەر هەڵبژاردنی هەینی رابردووش پەسند بكرێت، ئەوا ئایندە هەر بۆ عەبدوڵلا گول دەبێت، با لە خولی ئەمجارەی هەڵبژاردنیش دەرنەچێت، خۆ لە خولی سێیەم یا چوارەم هەر دەردەچێت كە لە (٩) و (١٥)ی ئایار سازدەكرێت. ئەگەر بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی گشتیش درا، ئەوا هەموو هێزو لایەنە سیاسیەكان دەكەونەوە پڕوپاگەندە كردن بۆ خۆیان، ئەنجامەكەی دیار نابێت،بەڵام دووخاڵ هەن پێویستیان بە ئاماژە بۆكردن هەیە، یەكەمیان ئەوەیە چی وای كرد حزبی عەدالەت و پەرەپێدان، بگاتە ئەم ئاستە بەرزە كە توانی بە تەنیا حكومەت پێكبهێنێت، لە كاتێكدا گول لە سەردەمی ئەربەكان دا لە ساڵی ١٩٩٧دا، وەزیری دەوڵەت و وتەبێژی فەرمی حكومەت بوو، هەمووشمان دەزانین ئەربەكان بە چ دەردێک چوو، گول و ئەردۆگانیش بە حزبەكەشیانەوە درێژبووەوەی حزبی رەفاهن، كە لە ماوەیەكی زۆر كورتدا تووشی چەندین قەیرانی قووڵ بووەوە؟ دووەمیان ئەوەیە كورد چۆن سەیری ئەم روداوانە دەكات، بۆ كورد سووپاو پارتی گەلی كۆماری باشترن، یان پارتی عەدالەت؟.

لە راستیدا ئەردۆگان و گول كە جیابوونەوە، راستە دوای قەیرانەكانی ناو حزبی رەفاه بوو، واتە لە ساڵی ١٩٩٨، بەڵام ئەربەكان تۆمەتی گەندەڵی كەوتە سەر، لە كاتێكدا لە سەردەمی ئەردۆگان و گول دا، باری ئابووری توركیا باشتر بووە و هەنگاوی زۆر جیدیشیان بۆ چوونە ناو یەكێتی ئەوروپا ناوە، تا رادەیەک ئاوڕێكیشیان لە ناوچە پشتگوێخراوەكان داوەتەوە بۆ نموونە كوردستانی باكوور،سوودیشیان لە هەڵەكانی حزبە ئیسلامییەكانی پێشووتر بینیوە، تا رادەیەک هەوڵی دۆستایەتیش دەدەن لەگەڵ دراوسێكانیان و گوێش لە یەكێتی ئەوروپادەگرن و ئەو هەڕەشانەی بۆ سەر هەرێمی كوردستانیش دەكرێت، زیاتر لە لایەنی سوپاوەیە نەک حزبی عەدالەت،كەسیش ناتوانێ گەندەڵیان بداتە پاڵ ئەمە لە كاتێكدایە كە پارتی گەلی كۆماری زۆر توندڕەوەو بەرامبەرەكەی خۆی ناخوێنێتەوە و خۆی بە میراتگری كەمالیزم دادەنێ، بەڵام ئێستا كەمینەیەو ناتوانێت لە بەرامبەر حزبی عەدالەت بوەستێ و لەم تەنگژەیەش پەناو هاواری بردۆتە بەر سووپا بۆ هاوكاریكردنی!!، كەواتەئەگەر گول سەربكەوێت بۆ سەركۆماری توركیا زۆر گۆڕانكاری گەورە بەسەر توركیادا دێت، كە نەک هەر لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان دەبێت، بگرە لە بەرژەوەندی پەكەكەیشە كە ئەوە چەندین جارە ئاگربەست رادەگەیەنێت بێ ئەوەی وەڵامی بدرێتەوە، سەرباری هەوڵدانی زیاتریان بۆ چوونە ناو یەكێتی ئەوروپا كە بۆ ئێمەش زۆر پڕسوود دەبێت و زمانی لێكتێگەیشتنی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و توركیاش گونجاوتر دەبێت.



فوئاد سدیق